

# پەشێو و دیوانی براکوژی

زۆربوون ئەو بەناو رۆشنبیرانەی کەلەسەردەمێك لەسەردەمەکان، لەکاتی تاقیکردنەوەی رادەی راسگۆییان لەگەڵ گەلدا لەتاقیکردنەوەی قەڵەم نەفرۆشتندا دەرنەچوون، زۆر بوون ئەو قەڵەمانەی لەقۆناغە قورسەکانی رابونی بزاوتی کوردایەتیدا لەجێی ئەوەی قەڵەمەکانین بێتە کۆتری ئاشتی بوون بەفیشەك و مەخزەن بۆ پیاو کوژەکان، بەڵام لەگەڵ ئەم دۆخە ناهاوسەنگ و نالەبارانەشدا ئەم خاکە بەدرێژای ململانێ و شەرە ناوخۆییەکان کەسانێکی وەهای تێدا مابوون کەلەرێی نوسینی ئەوانەوە تروسکای ئاشتەوای یاخود بەرهەڵستی کردنی لەهەر هەنگاوێکی براکوژی تێیاندا بەدی دەکرا، یەکێك لەو رۆشنبیرانە شاعیری گەورەی کورد (عەبدوڵا پەشێوە) کەبەدرێژای مێژووی نوسینی شیعری، بەتەنها خۆی هێزێك و بزاوتێکی ئازا بووە، قەڵەمەکەی وەك پێشمەرگە لەمەیدانی خەباتی ئەدەبیدا لەپێشەوەی سەنگەر بووە، ئەوەی ئێمە لەم بەشەدا دەمانەوێت ئاماژەی پێبکەین شیعری پەشێوە لەدوو قۆناغی مێژووی: یەکەمیان قۆناغی ئینشیقاقەکەی ١٩٦٤ نێوان مەکتەبی سیاسی و مەلا مستەفایە، دووەمیان دیوانی شەڕی براکوژییە، واتە دواین شەری حیزبە کوردستانیەکان بەگشتی و پارتی و یەکێتی بەتایبەتی.

**یەکەم**

**دوازدە وانە بۆ منالان**

ئەم شیعرانە لەنێوان سالانی ١٩٦٩ بۆ ١٩٧١ لەهەولێر لەگوندی کەندالان نوسراوە، پەشێو سەبارەت بەم شیعرانە دەڵێت "چارەنووسم چ وەك شاعیر چ وەك مرۆڤ، چ بەلای باشەدا، چ بەلای دەرد و بەلای دنیادا، تارادەیەکی زۆر دەرەنجام و دارشتەی ئەم شیعرەیە. دەمەوێ بڵێم: ئەگەر ئەم شیعرەم نەنوسیبا، کەنوسیشم جارن نەدابا و رووبەرووی سیستەمی بیرکردنەوەی ئەوان رۆژان نەبامایەوە چارەنوسێکی دیم دەبوو". ئێمە لەم بەشەدا تەنها (٣) وانە وەردەگرین لەو وانانە بۆ ئەوەی

مێژووی ململانێی نامەشـروعی نەوەیەکمان بۆ دەرکەوێت کەتائێستا زۆرینەیان وەک سیمبول و هێڵی سوور تەماشا دەکرێت.

**وانەی یەکەم**

مناڵەکان!
ئەی یاخییە ژینتاڵەکان:
سبەی ئێوە کە گەورە بوون،
لەلاوکا،
لەحەیرانا،
لەمزگەوت و دیوەخانا،
لەچیرۆکا،
لەهۆنراوەی شاعیرێکی ترسنۆکا،
ڕەنگە زۆرتان بەرگوێ کەوێ،
باسی ئێمە وئازایەتی،
باسی ئێمە و کوردایەتی،
بەڵام نەکەن بڕوا بکەن،
هەمووی درۆن، درۆی پەتی!

**وانەی سێیەم**

مناڵەکان!
ئێوەن زەلکاو دەشڵەقێنن،
ئێوەن ئەو بوومەلەرزانەی
سبەی کانی دەتەقێنن،
ئێوەن سبەی
سنوری دەستکرد دەشکێنن،
قەفی زنجیری لێکپچڕاو
بەیەکترەوە دەلکێنن.
ئێوەن سبەی
لەقامیشلی،
لەدیاربەکری شێخ سەعیدا،
لەسلێمانی بریندارا،
لەمەهابادی (قازی) دا،
بەیەک فەلسەفە پێدەگەن،
گشت تێدەگەن:
ئەوەی کور بێ، نەوەی نوێ بێ،
دەبێ تێشووی
ڕێی یەکیەتیی کوردی پێ بێ!

**وانەی شەشەم**

مناڵەکان!
سەنگەر سەنگەر، چیاکان گەڕام،
گوێم لێ بوو، کۆمەڵێک قەوان،
لەناو سەنگەرێکی چۆڵدا،
لەپێشمەرگەی شەهید دەدوان!

**دووەم**

**دیوانی براکوژی**

لەم بەشـەدا هەندێـك لەشـاكارەكانی دیوانی براکوژی دەنوسینەوە کەوەک خۆی لەپێشەکی چاپـی یەکەمیـدا دەڵێـت "بـۆ ئـەوەی لـەم شیعرانەو شـیعرەکانی تری (دیوانی براکوژی) بگەیت، پێویسـتە نەخشـەی براکوژی لەساڵی ١٩٦٤ ـ وەتـا ڕۆژی ئەمڕۆ لەبـەر چاوی خۆت دانێیت و ئەو ڕووبەرە پانوپۆڕە دەستنیشـان بکەیت کەبـرا کوژی تێدا کـراوە. ڕووبەرەکە، موبالەغـە ناکـەم ئەگـەر بڵێـم هەمـوو خاکی کوردسـتان، بەپانایی و درێژایـی دەگرێتەوە" سـەبارەت بەشـەڕی براکوژیـش لەهەمـان پێشـەکیدا دەڵێت " هیچ شتێك لای من پاکانە بـۆ براکوژی ناکا. گەمارتریـن، نامەردانەترین، بێشـەرەفانەترین شـەڕ ـ شـەڕی براکوژییـە" سـەبارەت بەتوندی زمانیشی لەهەندی شیعردا دەڵێت " کەشـیعرەکانم دەخوێنیتـەوە، پێت وایە زماندرێژیم کردووە؟ زێدەڕۆییم کردووە؟ توندم؟ بڕیا ... سـەد بڕیا ... زێتر شـارەزای فەرهەنگـی زمانـی کوردی بام و لەم ووشـە و تەعبیرانە مزرترم زانیبا!

ئـەم دیوانە بۆ یەکەم جار لەهەولێر لەسـاڵی ١٩٩٤ بڵاوکراوەتـەوە تەنها (٥) شـاکاریان وەردەگرین.

(٢)

لەم نیشتیمانە چارەڕەشەدا
چیتان هێشتووە
دابەشی نەکەن وەک ڕەزی خۆتان؟
هەر بەشەهیدان سەرمان بڵند بوو،
ئەوانیشتان کرد بەپەزی خۆتان!

***

ناوێرم قەڵەمێك هەڵگرم.
ناوێرم کراسێك لەبەر کەم.
ڕووتان ڕەش بێ!
خۆ ڕەنگەکانیشتان بەش کرد.
بڵێم: خوێندکار یان قوتابی؟
ژن یان ئافرەت؟
ڕووتان ڕەش بێ!
تا وشەی ناو فەرهەنگەکانیشتان بەش کرد!
دوو کەناری زێی جاویدانی ـ
خانی و حاجی قادرتان بەش کرد.
خاك و ئاو وئاگرتان بەش کرد.
کوا چیتان هێشت؟
کوا کێتان هێشت؟
بگرە...
قەحپە و دز و ڕێگرتان بەش کرد.
وەک زرتەکی گاکوژبەدەست
نیشتیمانێکتان کرد بەدوو...
شار بەشار، گوند بەگوند گەڕان،
لەهەر ماڵێك
ئاگردانێکتان کرد بەدوو!

***

خەڵك مێژوویەکی هەیە،
ئێمە دوو مێژوومان هەیە.
هەموو دنیا
یەك سەرکردەی لێ بەلایە،
ئێمە لەویش دوومان هەیە!

(٧)

لەپەراسووی شەهیدانی
هەر سێ ساڵەی براکوژی
جەنگەڵێکی چڕ و تژی
ڕاست کەنەوە لەبەردەمیان.
با ڕۆندك بێ خواردنەوەیان،
تۆزی خوێن بێ هەر سێ ژەمیان.
بەدووکەڵی ئاهی دایکان قانگیان بدەن،
چاوی سووریان پڕ چقڵ کەن...
لێ نەگەڕێن
کورد کوژەکان
بگەنە سەدەی داهاتوو،
نەوەك ئەویش ئاوەگڵ کەن!

(١٠)

کە براکوژێك دەبینم
باوەڕکەن ڕشانەوەم دێ...
تابەیانی هەدا نادەم،
دایم ئەمدیو ئەودیو دەکەم.
سەد قۆناغیش دوور کەومەوە،
بۆنی لاکی ماکەرێکی تۆپیو دەکەم!

(١٦)

تێناگەم! گەر تفەنگێك
هەزار گوللەی تێدابێ،
بەدەست کوردێکەوە بێ و
ڕووی لەکوردێك ڕا بێ،
چۆن دڵی دێ بیپێکێ،
بائاگریش درابێ!

(١٩)

دەستت بڕزێ، چاوت کوێر بێ.
ڕێگەی ڕاستت کێوی قافی پڕ هەڵدێر بێ.
هەی کرم لەگۆشتت بدا،
شێرپەنجە بە خوێنت فێر بێ...
تۆ دەتزانی، ئەوەی کوشتت چبوو، کێ بوو؟
پێشمەرگە بوو...
پشت و پەنا، تێشووی ڕێ بوو.